**وەزیــــــــری داد**

........................................................................................................................................

**وەزارەتـــــــــی داد**

**ژمارە : ٦٧٨/٣ لە ٢٠١٠/٥/٩**

**بــە یــانــی ژمارە ( ٨ )**

ئاماژە بە ماددەی ( شەش / برگە سێ ) لەیاسای جێبەجێكردن ژمارە (٤٥)ی ساڵی ١٩٨٠ وەپاڵپشت بـەو دەسـەڵاتەی پێمانـدراوە بـەپێی ( مـاددەی نۆیــەم / برگـە دوو ) لەیاسای وەزارەتی داد ژمارە ( ١٣ی ساڵی ٢٠٠٧ ) بڕیارماندا بە :-

**بەستانەوەی گشت بەرێوەبەرایەتیەكانی جێبەجێكردنی پارێزگاكانی ( هەولێر و سلێمانی و دهۆك و قەزا و ناحیەكانی دەوروبەری ) بە بەرێوەبەرایەتی جێبەجێكردنی ناوەندی پارێزگاكانیان لەڕووی كارگێری و ژمێریارییەوە .**

**رؤوف رشـــــــید**

**وەزیــــــــری داد**

**وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار**

**ژمارە : ٨٣٩٢ لە ٢٠١٠/٤/٢٢**

**بـــەیـــان**

**لەبەر كۆتایی هـاتنی مـاوەی یاسـایی ئـەو ئاگاداریـە كەلەرۆژنامـەی خـەبات بڵاوكرابـووە وە لـەژمارە ( ١٠٠٦ لـە ٢٠١٠/١/١٩ ) وە لەبـەر نـەبوونی هـیچ سـكالایەك یـان رەخنەیـەك لـەهیچ لایـەنێك لـەماوەی یاسـایە كـە(٣٠) سـی رۆژ دوای بڵاوكردنـەوەی ئاگـاداری سـەرەوە بـەپێی مـاددەی (٦) شەشـەم لەیاسـای بـەرێوەبردنی شـارەوانیەكان ژمارە ( ٦ی ساڵی ١٩٩٣ )ی هەمواركراو بەپێی ئەو دەسەلاتەی پێمان دراوە لەماددەی حەوتەم لەیاسای سەرەوە بڕیارماندا بە :-**

١- كردنەوەی شارەوانی بەنێنان لەناحیەی دارەتوو سەر بەقەزای بەردەرەش لەپارێزگای دهۆك بە پلەی چوارەم .

٢- ئەم بەيانە جێ بەجێ دەكرێت لەرۆژی بڵاوكردنەوەی لەرۆژنامەی ( وەقايعی كوردستان ) .

**ئەندازيار**
**سمير عبدالله مصطفى**
**وەزيری شارەوانی و گەشت و گوزار**

## فيدراسيۆنی كۆمەڵەورێكخراوەكانی لاوانی كوردستان
## ژمارە : ٦٠ لە ٢٠١٠/٤/٢٨

### پەيرەوی پرۆگرامی فيدراسيۆنی كۆمەڵەورێكخراوەكانی لاوانی كوردستان

**ماددەی يەكەم** / ناو :

( فيدراسيۆنی كۆمەلەورێكخراوەكانی لاوان )

**ماددەی دووەم** / پێناسە :